Terze Jaf

**سی ساڵی**

**دەنگی ڕۆحمە و پێم دەڵێ:**
**« جەژنی لەدایکبوونت پیرۆز».**

**ئەو دەڵێ:**
**( سی ساڵی) خۆشترین کاتی تەمەنە**
**هەرِەتی ئاڵی و جوانیی تۆیە.**
**منیش هێشتا تێ ناگەم**
**بۆچی ماڵە باجێنەکەم بە هەڵەداوان گەیاندە**
**ترسە دووکەڵاویەکانی ژێرزەمین .**

**کوێرِا ساڵ تێپەڕی!**
**من لەیەک چاو نووقاندا**
**هەموو کراسەکانم کورت بوونەوە**
**هەموو کاوبۆکانم تەسک بوونەوە و**
**بە یەک هەناسە سی ساڵم بەڕێ کرد :**
**سی ساڵ ترس**
**پرسیار**
**شەڕ .**

**سی ساڵ جوانییە بازنەییەکانم**
**لەناو تەلبەند دا**
**بە سەربێ دەنگی دا**
**بە دیار شیعاراتە درۆزنەکانەوەخەڵتانی خوێن بوون .**

**هێندە پرسیارەکانی خۆمم**
**قووت دایەوە**
**هەتا بوومە پارچەیەک پرسیار و**
**بێ وەڵام جێ مام .**

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET
کوردستان نێت

سی ساڵی چی ؟!
خۆ هەر دوێنێ بوو
لە شەوێکی بێ کارەبادا باوکم رادیۆکەی لە پەنا گوێدا ,
بە دایکمی ووت :"وا عیراق شەڕی ڕاگەیاند دژی ئێران".
ئەو کاتە
من بە هەمووی دوو جار قەشقۆڵیم نەدیبوو .

ئەو شەوە خەونێکم بینی :
( لە سەر بەرزاییەک جێ دەمێنم
بەردەکان دەڕمێن
قادرمەکان دەشکێن
منیش لە سەر بەردێکی شکاو هیچ ڕێگایەکم نیە بۆ دەرباز بوون ).
لەو ساتەوە وێنەکانی (صور من ألمعرکە) هێشتاش هەر چاوەکانم دەکزێننەوە .
خۆ من ئەوسا نەمدەزانی ئەو لاشە ڕەشەوەبووانە
هەموویان باوک و مێردو کوڕو عاشقەکانن .

من هێشتا هەڵماقۆکەم تەواو نەکردبوو
کاتێک دایکم ڕاپێچی بن قادرمەکانی کردم و وتی :
"توند توند گوێت بگرە".
خۆ من ئەو کاتانەی لەژێر قادرمەکاندا پەنجەم لەگوێم قایم دەکرد
نەمدەزانی منداڵی هاوتەمەنی من
گۆرانی دەڵێن و ناترسن
بالە دەکەن و ناترسن
سواری پاسکیل دەبن و ناترسن .

کێ بوو منی فێری ئەو ترس و لەرزە کرد؟
چ کابووسێک منی دایە دەست ئەو بێ دەنگی و پیش خواردنەوەیە؟

بۆردومان سامێک بوو
وەک دانکێشان

www.kurdistannet.org

وەک ترسی میز بەخۆدا کردنی شەوان .

چەند ساتێک بوو دەبڕایەوە

دایکم دوای تەواوبوونی بۆردومان دەیگوت:

"کچی من لە هەموو ژنی گەڕەک ئازاترە".

ئێستاش نازانم ئەو هەڵماقۆیەم کەی تەواو کرد؟

.

دەنگی رۆحمە و پێم دەڵێ:

« جەژنی لەدایکبوونت پیرۆز».

ئەو دەڵێ:

( سی ساڵیی) خۆشترین کاتی تەمەنە

هەرەتی ئاڵی و جوانیی تۆیە

منیش هێشتا تێ ناگەم

بۆچی قەت نەمتوانی سواری پاسکیل بم

بۆچی نەمتوانی سەمابکەم

بۆچی دەبوایە بڵێم "حفظه ألله" ؟

من هەموو ژیانم چاوەڕێی ڕەزامەندییەکانی باوکم بووم

باوکیشم , بە دیار تەلەفزیۆنەوە , رادیۆیەک بەگوێیەوە چاوەڕێی وەستانی شەڕ بوو .

نە شەڕ وەستا و

نە هیچ حەزێکی منیش هاتە دی .

من لەگەڵ گۆرانیەکانی مادۆنا

حەزم دەکرد گیتەر بکەمە دەستم و .. نەمکرد.

لەگەڵ دەنگی راغب عەللامە حەزم دەکرد سەما بکەم و .. نەمکرد

لەگەڵ فیلمەکانی تاتلیساز بگریم و .. نەگریام .

خۆ ئەوکاتەش یەک کەناڵی کوردی هەبوو ئەویش دەیگوت:

«زێڕە

www.kurdistannet.org

**سەددام زێڕە))**

**من بێ تاوان لە جوانیەکانی تەمەنم دەرکرام .**
**من ئەو لوورە لوورەی ئینزارم لە دەنگی حەمە جەزا و عومەر دزەیی باشتر لەبیرە**
**من هەموو تەمەنم سیزیف ئاسا تەنها سەرقاڵی دوو شت بووم :**
**چاوشارکێ کردن لەگەڵ شەڕ و**
**حەیا کۆکردنەوە.**

**من بۆچی نەمکرد ڕۆژێک داخی دڵم بە پەرداخێک یان هیچ نەبێت بە پیاڵەیەک هەڵبرێژم .**

**باوکم لەتاو شاردنەوەی وێنەی (( موخەریبەکان))**
**بیری نەبوو وێنە حەشەریەکانی کتێبخانەکە بژار بکات**
**لەتاو شاردنەوەی کتێبە بەرگ سوورە شیوعیەکان**
**بیری نەبوو کتێبە خوتووکە دەرەکانی ئەلبرتۆ مۆرافیا و ئەرسکین کالدوێل**
**لە دوازدەساڵیی من بشارێتەوە**
**من فریای هیچ نەکەوتم و هیچ پرسیارێکم نەکرد**
**هەموو سەرسوڕمانەکانم هەڵگرت و**
**لە چاو نووقانێکا بوومە سی ساڵ .**

**تۆقینم لە تەماعی ڕەنگە عەسکەریەکان بۆ چەکەرەی کچێنیم چەند درێژترە**
**لە مێژووی بووکە شووشەو بەردی هەڵماقۆکانم.**
**تەمەنی نیگا ڕەشە پۆستاڵ لەپێکان چەند درێژترە**
**لە تەمەنی نیگا باریکەلە لیڤێکس بە دەستەکان.**
**یادگاریەکانی مەنع تەجەول و تەق و تۆقی شەوان چەند چاوقایمترن**
**لە سێبەرە لێڵەکانی قەشقۆڵی و سەرچنار.**

**هەڵەبجە زووخاو لە هەناسەکانی وەردران و**
**من گوێم لە نەنکم بوو لە سەر بەرماڵ دووعای لە پێشمەرگە دەکرد**
**من چەند پرسیارم لێ بکردایە ئەو زیاتر سنگی خۆی دەکوتی و**

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

منیش پرسیار زیاتر مێشکی دەخواردم.

تا لە خەونی شەڕێک خەبەرم دەبۆوە
کابووسی شەڕێکی تر سواری ملە لاسکەگیاییەکەم دەبوو.

عیراق کوێتی گرت ,شەڕ ڕاگەیەندرا
من دیسان هەمان خەونم دیت.
( لە سەر بەرزاییەک جێ دەمێنم
بەردەکان دەڕمێن
قادرمەکان دەشکێن
منیش لە سەر بەردێکی شکاو هیچ ڕێگایەکم نیە بۆ دەرباز بوون ).

شەڕ..
شەڕ...
شەڕ وەکو قەحبەیەکی دۆڕاو خۆی بە سەر نازنازەکانی باغچەکەی ئێمەدا ساغ کردەوە .

(( من لە تانە و زنجیر و دار باکم نییە
لەت لەتم کەن..
بمکوژن..
هێشتا ئەڵێم کوردم ئەمن ...))

ڕاپەڕین پێشمەرگەیەک بوو جامانەکەی بە سەروگوێلاکیەوە
بە تاقی تەنیا, چاو پڕ گومان , پەلاماری دیواربەندەکەی سەددامی دا
پیاوێک بوو لە هەموو پیاوی ئەفسانە جوانتر
لە (( ڕەحمەت))..بەڕەحمتر.
من حەزم دەکرد بچم هیچ نەبێت لە گەل ئەو بەردێک بکێشم بە رەسمەکەدا.. بەڵام نەچووم .

ڕاپەڕین واتە:
کچێکی هەژدەساڵ بە جلی کوردی و سووراوێکی پەمەییەوە, لە ڤینۆس جوانتر ,

www.kurdistannet.org

**لە سەهۆڵەکە پیاسە بکات و نەشترسێت.**

**ڕاپەڕین واتە:**

**باوکم لە خۆشیی گرتنەوەی کەرکووک**

**خاولیە چەورەکەی مەتبەخ بکاتە دەسرِی سەرچۆپی و**

**لە دەوری مێزی نانخواردن بە تەنیا هەڵپەڕێ.**

**کوڕەویش واتە:**

**دیسان**

**شەڕی**

**هەموو دەفتەری بیرەوەرییە باڵق نەبووەکانم  سووتاندن.**

**« ئای لەگەلاوێژ..بە چاو شەڕ دەکات ..»**

**خۆشترین گۆرانیەکانی ڕۆژانی « پەرلەمان » بوو .**

**شەڕێکی تر لەناکاو , شەڕی براکوژی**

**بە سەعادەت و جەلالەتەوە**

**ئێوارەیەک هاتە سەر مێزی نانخواردنمان**

**شەڕ هاتە حەوشە**

**شەڕ هاتە ژووری نوستن**

**شەڕ تەنانەت هاتە ناو  حەمام و توالێتەکان**

**شەڕ بووە دەست و پێ و زمانمان**

**شەڕ لەجیاتی مێردەکان ڕەنگی کراس و لەچکی هەڵدەبژارد**

**شەڕ لەجیاتی کوڕەکان داوای ماچی لەکچەکان دەکرد**

**شەڕ لەجیاتی کچەکان کوڕەکانی ئیغرا دەکرد .**

**شەڕ « سەلاح هەورامی» کوشت و لەجیاتی ئەو هاتە هۆڵی موحازەرەوە.**

**مامۆستاکان , مەلاکان , شاعیرەکان**

**چەکیان هەڵگرت و تەنانەت ژنە میهرەبان و کچە شاعیرەکانیش**

**لە باوەشی چەکدارەکاندا « خەباتی ژێر زەمینیان دەکرد ».**

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

Terze Jaf

**شەڕ لە تەعزێی دایکما لە سەیتەرەکان دەیویست دڵنیا بێت کە جلی ڕەشم بۆ شەهیدێک لەبەرا نیە!**

**شەڕ راوەستا و ماڵە باجێنەکەم لە گەڕەکە دوورەدەستەکەمدا لێ بەجێما.**
**بەردی هەڵماقۆکانیشم لە حەوشەیەکی پڕ قاوغە فیشەکدا .**
**بەڵام حەز و ئاواتەکانم .. مانەوە:**
**وەک ورکی منداڵێک لە ساتێکی موستەحیلدا.**

**دەی.. ئەو هەموو سمێڵ گەورانەی**
**لەجیاتی سوێندێک دە سوێند دەخۆن**
**لەجیاتی پێکێک دە پێک هەڵدەدەن**
**لەجیاتی ژنێک دە ژن ییخ دەدەن و**
**لە خۆشی و ناخۆشیدا عاشقی زرمەی چەکن**
**ئێوە لەکوێ بوون ئەو کاتەی مامۆستا بەعسیە سۆزانیەکەم**
**زۆری لێدەکردم سووراو بکەم ؟**
**لەکوێ بوون ئەو کاتانەی گەر بچوومایەتە خۆ پیشاندانەکان**
**باوکم بە زللە کاسی دەکردم**
**نەشچوومایە: بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان.**
**لەکوێ بوون ئەو کاتەی لە ڕۆژی لەدایکبوونی مندا**
**بەرازێکی ڕەش لە عوجەوە هاتە سلێمانی و رۆژی لەدایکبوونی منی کرد بە « یوم ألمحافظة » .**

**تۆش !**
**ئەی پڵینگە چاو هەنگوینیە بەژن شاخەکەم !**
**گەر کابووسی شەڕ دیسان هاتەوە خەونم**
**وەرە و بەباوەش لە شەڕ رزگارم بکە .**
**تۆ !ئەی پڵینگە چاو هەنگوینیە بەژن شاخەکەم**

www.kurdistannet.org

Terze Jaf

**ماكیاج و بۆن و بەرامەكان ببەوە و تێر گۆرانیەكانتم بۆ بڵێ**

**كۆستەمە یەخە ئوتووكراوە خاكییەكانت ببەوە و**

**كراسێكی كرێشەی پڕ لە گوڵ و باڵندە و هەنارم لە بەركە.**

**زێڕەكانت ببەوەو دەرگایەكم بدەری..ٚ**

**تۆ !**

**ئەی پڵینگە چاو هەنگوینیە بەژن شاخەكەم !**

**ماكیاج و بۆن و بەرامەكان ببەوە و تێر گۆرانیەكانتم بۆ بڵێ**

**كۆستەمە یەخە ئوتووكراوە خاكیەكانت ببەوە و**

**كراسێكی كرێشەی پڕ لە گوڵ و باڵندەو هەنارم لەبەركە**

**زێڕەكانت ببەوە و**

**دەرگایەكم بدەرێ ..**

كوردستان نێت
www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET